# خوێندنەوەکانی بڕیاری دادگای فیدراڵی لەبارەی پەرلەمانی کوردستان

01-06-2023

**نووسەرەکان**

د. یاسین تەها

**کورتە :** پاش (9) دانیشتن کە پڕبوون لە دادبینی و مشتومڕ، دادگای فیدراڵی دەیەم دیارترین بڕیاری پەیوەست بە کەیسە کوردییەکانی لە پاش ریفراندۆمەوە(2017) دەرکرد. ئەمە پازدەیەمین بڕیاری ئەمساڵییەتی (2023) و بەردەوامبوونی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستانی بە یاسایەکی ناکۆك و دژی دەستوور ناساند و کۆتایی بە چاوەڕوانی و گفتوگۆ یاساییەکان لەوبارەیەوە هێنا.

پاش 9 دانیشتن کە پڕبوون لە دادبینی و مشتومڕ، دادگای فیدراڵی دەیەم دیارترین بڕیاری پەیوەست بە کەیسە کوردییەکانی لە پاش ریفراندۆمەوە(2017) دەرکرد. ئەمە پازدەیەمین بڕیاری ئەم ساڵی دادگاکەیە (2023) و بەردەوامبوونی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستانی بە یاسایەکی ناکۆك و دژی دەستوور ناساند و کۆتایی بە چاوەڕوانی و گفتوگۆ یاساییەکان لەوبارەیەوە هێنا.

بڕیاری دادگا کە نزیکەی 20 لاپەڕەیە، پڕە لە راڤە و شیکاری ورد و درێژ و هەمەلایەنە سەبارەت پاساوەکانی رەتکردنەوەی یاسای ژمارە 12ی ساڵی 2022 ی درێژەدان بە خولی پێنجەمی پەرلەمان کە هەندێك لەو پاساوانەش یاسا و پەیڕەوی نێوخۆی بەرکاری خودی پەرلەمانی کوردستانن، لەگەڵ ئەوەشدا دادگا پشتی بە دەستووری عێراق بەستووە و لە سەروو ئەویشەوە جاڕنامە و رێککەوتنە جیهانییەکان. ئەم وردەکارییەش زیاتر وەك دوورخستنەوەی گومانی بە ئامانج گرتنی هەرێمی کوردستان و کۆت و بەندکردنی لێك دەدرێتەوە کە لە ناوەندی سیاسی و لای هەندێك دەستەبژێریش لە هەرێمی کوردستان بۆچوونێکی باوە.

بڕیارەکەی دادگەی فیدراڵی ستایشی زۆری تێدایە بۆ ئازایی و ناوازەیی ئەزموونی یەکەم هەڵبژاردنی هەرێمی کوردستان لە 1992، جگە لەوەش بە روونی جەختی لە دەستووریبوونی قەوارەی هەرێمی کوردستان کردووەتەوە، لەگەڵ پێداگریکردن لەوەی کە لە چوارچێوەی سیستمی سیاسی عێراق کە پەرلەمانی و فیدراڵی و دیموکراسییە، دەستوری فیدراڵ سایەو سێبەری بەسەر ناوەند و هەرێمەکانیشەوە هەیە. بەم پێیەش وەك دەقێکی پەتی، بڕیارەکەی دادگا نەفەسێکی نەیارانە و ناحەزانەی دەرهەق بەهەرێمی کوردستان تێدا نییە و بگرە موجامەلەشی تێدایە. دەکرێت ئەمەش بکرێتە دەرفەتێك بۆ تێپەڕاندنی ناکۆکییەکانی پەیوەست بە یاسای هەڵبژاردن و چۆنیەتی ئەنجامدانی، هەروەها بناخەی بۆ نەریتێکی دەستووریی نوێ لە کوردستان و لە سەرانسەری عیراقیش داناوە کە چیدیکە تەمەنی پەرلەمانی هەڵبژێردراو درێژ نەکەنەوە و رێز لە وادە دەستوری و یاساییەکانی هەڵبژاردن بگرن کە ئەمە لە بەرژەوەندی ئەزموونی هەرێمی کوردستانە کە پێشینەی زۆری لەگەڵ درێژکردنەوەی وادەی پەرلەمان دا هەیە، هەر بەوهۆیەشەوە پاش تێپەڕبوونی 31 ساڵ بەسەر یەکەم هەڵبژاردن دا، تازە لە کۆتایی خولی پێنجەمی پەرلەماندایە لەکاتێکدا دەبوو ئێستا بەرەو خولی هەشتەم بڕۆشتایە.

هەرچەندە هەوڵی زۆر دراوە کە دەقی بڕیارەکەی دادگەی فیدراڵی پەتی و بێ گرفت بێت، بەڵام جگە لە لێکەوتە یاساییەکەی، کاریگەرییە سیاسییەکانی و شێوازی بەکارهێنانی جێگەی مشتومڕ و هەڵوەستە لەسەر کردنە؛ یەکەم جارە دادگایەکی فیدراڵی لە بەغدا لە باس و بابەتێکی تەواو ناوخۆییدا ببێتە ناوبژیوان، ئەمەش دەکرێت وەها بخوێنرێتەوە کە چیدی کوردستان بەتەنیا چەقی بڕیار نییە سەبارەت چارەنووسی پرسەکانی خۆی، هەروەها دەشێت ئەزموونی هاوشێوە لە کەیس و پرسی دیکەدا لە ماوەی داهاتوودا دووبارە ببێتەوە. هەروەها بەهۆی ئەوەی بڕیارەکە هەنگاوە پەرلەمانییەکانی پاش 6_11_2022ی لە هەرێمی کوردستان پووچەڵ کردووەتەوە، ئێستا کوردستان بەبێ کۆمسیۆن ماوەتەوە و بۆ دەربازبوون لەم بۆشاییە یاساییەی بۆی دروستبووە دەبێت بە ناچاری پەنا بۆ کۆمسیۆنی فیدراڵی ببات، ئەمەش هەر جۆرێك لە زەبرە کە بەر دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان دەکەوێت لە ئاست هاوشێوەکانیان لە بەغدا لەکاتێکدا ئەزموونی هەڵبژاردن لە عێراق دەگەڕێتەوە بۆ 2005 و ماوەی 13 ساڵ لە پاش ئەزموونی هەرێمی کوردستانەوەیە.

لەسەر ئاستی دەسەڵاتی جێبەجێکردنیش بڕیاری دادگا دەرگا دەکاتەوە بۆ وروژاندنی پرسیار سەبارەت چارەنووسی دەسەڵاتی جێبەجێکردن (حکومەت) کە ئەویش شەرعیەتی لە پەرلەمان وەرگرتووە. لە کوردستاندا دەستوور نییە تاوەکو چارەسەرەکانی بۆشایی و پێناسەی حکومەتی "کار بەڕێکەر" یەکلایی بکاتەوە، بەڵام لە نزیکترین نموونەدا کە نموونەی بەغدایە، دادگای فیدراڵی لە راڤەیەکی دەستووریدا (121/ 2022) سەبارەت مادەی (64/أ)؛ هەڵوەشانەوەی پەرلەمانی بە هۆکار داناوە بۆ ئەوەی حکومەت ببێتە "کار بەڕێکەر"، لەم دۆخەشدا ئەرکی حکومەت دەبێتە راپەڕاندنی کاروباری رۆژانە، بەتایبەت ئەوانەی مۆرکی خزمەتگوزارییان هەیە، بەبێ ئەوەی حکومەت بتوانێت بڕیاری سیاسی و کاریگەری جومگەیی وەها بدات کە لێکەوتەی ئایندەیی هەبێت، لە چەشنی پێشنیازکردنی یاسا، قەرز کردن، دامەزراندنی پلە باڵاکان، بەخشین لە پۆستەکان و ...هتد، ئەمەش رەنگە کێشە بۆ پێگەی هەرێمی کوردستان لەئاستی بەغدا لە ئێستادا دروست بکات و ئەگەریشی هەیە پەیوەندی هەولێر و بەغدا بخاتە ژێر گوشارەوە.

ژمارەیەك پەرلەمانتاری "ڕاسترەوەی" چوارچێوەی هاوئاهەنگی شیعە دەم و دەست ئەوەیان وروژاند کە حکومەتی هەرێمی کوردستان بووەتە کاربەڕێکەر، بەم پێیەش دەسەڵاتی پێداگری و داواکاری و رێککەوتنی زۆری لەگەڵ حکومەتی بەغدا نەماوە بەتایبەت لە بواری بەشە بودجەدا، ئەوانەشی لە کێشە ناگەڕێن و لەگەڵ سەرکەوتنی ئەزموونی سودانیدان، رەچاوی دۆخی هەرێمی کوردستان دەکەن و بڕیارەکە و لێکەوتەکانی بەبێ دەنگی بەڕێدەکەن، بەتایبەت کە ئێستا گفتوگۆکانی بودجە گەیشتوونەتە قۆناخێکی ورد و هەستیار و کردنەوەی بەرەیەکی دیکەی ململانێ و ناکۆکی هەڵناگرن.

بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی لە بارەی پەرلەمانی کوردستان لە دۆخێکدایە کە کۆمەڵێك کێشەی دیکە لە کوردستان و عێراقدا هەن، دابەشبوونی نێوخۆیی بەرەو قووڵبوونەوەی زیاتر رۆیشتووە و، رەخنە و گازەندەی دەرەکی لەسەر کوردستان لە هەڵکشانە،هەرەشەی ئێران لە بارەگای هێزە کوردستانییە ئۆپۆزیسیۆنەکان سەری هەڵداوەتەوە، دۆسیەی هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان لە رێگەی تورکیا تووشی گرێی زۆر بووە و چارەنووسەکەی ناڕوونە، ئەم بارودۆخەش دەرفەتێکی سەبارەت تەوزیفکردنی خراپە بۆ بڕیارەکەی

دادگا کە وەکو دەق کێشەی ئەوتۆی نییە و زیاتر جەختکردنەوەیە لە کۆمەڵێك دەق و پرەنسیپی یاسایی سەبارەت وادەی هەڵبژاردنەوە.